# ڕێنوێنی دابینکردنی خانووبەرە بۆ پەنابەران لە سکۆتلەند

## بەرپرسایەتیەکانی ئێوە لە پێوەندی لەگەڵ کرێ و شێوازی پارەدانی تێچوونەکانی خانووبەرە

بڵاڤۆکی 7 – ئاپریلی 2011

Rent and housing cost - Kurdish

ئەگەر مۆڵەتی نیشتەجێ بوونتان وەرگرتووە، بەرپرسایەتی پارەدانی کرێی خانوو بە ئەستۆی ئێوە دەبێت.
ئەم بڵاڤۆکە ڕێنوێنیێکی کورت لەبۆ ناساندنی ئەو یارمەتیانەیە کە لە کاتی کەم بونی داهات یان بێ کار بووندا، پێتان دەدرێت. هەروەها، زانیاریەکانی پێوەندیدار بە شێوازی دەست بەکار بوون بۆ وەرگرتنی یارمەتی بۆ دانی کرێش لەم بڵاڤۆکەدا پێشکەش کراوە.
دانی پارەی کرێ بەشێک لە بەرپرسایەتیەکان و ئەرکی ئێوەیە وەکو کرێچییەک. ئەگەر کرێی خۆتان نەدەن، ڕەنگە لە شوێنی نیشتەجێ بوون دەرکرێن و خانووەکەی خۆتان لە دەست بدەن.
بە هۆی ئاڵۆز بوونی ئەم بابەتانە، دەبێت لە ڕاوێژکاریی کەڵک وەرگرن؛ بۆ ئاگاداری لە شێوەی جێبەجێ کردنی ئەم کارە، کۆتایی ئەم بڵاڤۆکە چاو لێکەن.

**ئەو خانووەی کە بەکرێ گرتوومە هی ئەنجومەن یان یەکیەتی خانووبەرەیە. بۆ پێدانی پارەی کرێکەم دەتوانم چ یارمەتیەک وەرگرم؟**
ئەگەر ڕادەی داهاتی ئێوە لە خوارەوەیە یان لە قازانجەکانی ئاسوودەیی کۆمەڵایەتیی(welfare benefits) کەڵک وەردەگرن، دەتوانن داوای یارمەتی خەرجی خانووبەرە (Housing Benefit) بکەن.

**دەبێت چۆن ئەم کارە بکەم؟**
هەر ئەو دەمەی کە لە پێویستی خۆتان بۆ یارمەتی تێگەیشتن، بە نووسینگەی قازانجەکانی خانووبەرە هەڵکەوتوو لە شوێنی ئەنجومەنی خۆجێییدا پەیوەندی بکەن یان بچنە ئەوێ. کارگێڕەکان فۆڕمی داواکاریی پێشکەشی ئێوە دەکەن کە دەبێت ئەوە پڕبکەنەوە و بیهێننەوە.
ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ پڕکردنەوەی فۆڕمەکە پێویستتان بە ڕێنوێنی هەبوو، بە گروپی دابین کردنی خانووبەرە لە ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەند بە ژمارەی **0800 085 6087**، یان ئاژەنسێکی ڕاوێژکاریی ماڵیی پەیوەندی بکەن. بۆ زانیاریی پەیوەندی کردن، کۆتایی ئەم نامیلکەیە چاولێکەن.

لەگەڵ بەدەستەوەدانی فۆڕمی پڕکراو بە ئەنجومەن، دەبێت هەروەها بەڵگەکانی پێوەندیدار بە زانیاریی هێنراو تیایدا پاشکۆ بکەن؛ لەوانە بەڵگەکانی پێوەندیدار بە شوناس، داهات، کرێ و شتی تر.

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەند، دامەزراوەیەکی خێرخوازی تۆمارکراوە لە سکۆتلەند. دامەزراوەی خێرخوازی تۆمارکراوی: SC008639

ریزی زانیارییە پێویستەکان بۆ پاشکۆ کردن بە فۆرمی داواکاریی، لە ماڵپەڕی شێلتێر سکۆتلەندا دەستەبەر بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/__data/assets/pdf_file/0014/23081/Checklist_-_items_to_support_a_benefit_claim.pdf

لە کاتی تەحویلدانی فۆرمەکەدا، سەرنج بدەن کە لە بەرانبەر ئەوە و بەڵگەکانی تردا کە تەحویل دەدرێن، پەڕاوە و بەڵگە وەرگرن.

**قۆناغەکانی دواتر چین؟**

ئەنجومەن لەسەر شیاویەتی ئێوە بۆ وەرگرتنی قازانجەکانی خانووبەرە و ئەگەری رادەی ئەم قازانجانە بڕیار دەدات. رەنگە بۆ بڕیاردانی چاکتر، داوای زانیاریی زۆرترتان لێ بکرێت.

ئەگەر تا 14 رۆژتر نامەیەکتان لە پێوەندی لەگەڵ بڕیاری دراو وەرنەگرت، پەیوەندی بکەن بە فەرمانگەی یارمەتی خەرجی خانووبەرەوە و سەبارەت بە پارەدانی کاتیی پرسیار بکەن تاکو سەبارەت بە دانی پارەی کرێ خانووی خۆتان بە دوا نەکەوەن.

ئەنجومەن بڕیاری خۆی بە شێوەی نووسراوەیی پێتان رادەگەیێنێت. ئەگەر ئەوان بتوانن یارمەتی ئێوە بدەن، ئەنجومەن قازانجەکانی خانووبەرە راستەوخۆ دەداتە خاوەنماڵەکەی ئێوە. ئەگەر وادەزانن کە رادەی لە بەرچاو گیراو دروست نییە، دەتوانن لەمبارەوە داوای پێداچوونەوە بکەن. دەتوانن لە راوێژکاریەکانی یەکێ لەو دامەزراوە ریزکراوانەی کۆتایی ئەم نامیلکەیە کەڵک وەرگرن.

**خانووی بەکرێگرتووی من سەر بە خاوەنماڵێکی تایبەتییە. بۆ پێدانی کرێ دەتوانم چ یارمەتیەک وەرگرم؟**

ئەگەر رادەی داهاتی ئێوە لە خوارەوە بوو یان بێ کار بوون، دەتوانن یارمەتی خەرجیی خۆجێیی خانووبەرە داوا بکەن. سەلماندنی شیاویەتی هەندێ ئاڵۆزی هەیە و کەواتە دەبێت لەسەر پارەپێدانەکانی ئەنجومەنی خۆجێیی بە خاوەنماڵی تایبەتی، لەگەڵ ئەم ئەنجومەنەدا قسە بکەن. هەروەها دەتوانن لە راوێژکاریی یەکێ لە دامەزراوە ریزکراوەکانی کۆتایی ئەم نامیلکەیە کەڵک وەرگرن.

**چۆن دەتوانم یارمەتی وەرگرم؟**

ئەگەر دەتانەوێت خانووی تایبەتی وەرگرن، سەرەتا دەبێت لەبۆ مەزندەی یارمەتی خەرجی خانوویەک کە پێتان دەدرێت، سەردانی ماڵپەڕی ئەنجومەنی شوێنی ژیانی خۆتان بکەن. هەر ئەو دەمەی کە لە پێویستی خۆتان بۆ یارمەتی تێگەیشتن، بە نووسینگەی قازانجەکانی خانووبەرە هەڵکەوتوو لە شوێنی ئەنجومەنی خۆجێییدا پەیوەندی بکەن یان بچنە ئەوێ. کارگێڕەکان فۆرمی داواکاریی پێشکەشی ئێوە دەکەن کە دەبێت ئەوە پڕبکەنەوە و بیهێننەوە. هەروەها لە ماوەی ئامادەبوون لەوێدا دەبێت فۆرمی داواکاریی پێوەندیدار بە یارمەتی خەرجی باجی ئەنجومەنیش (Council Tax Benefit) داوا بکەن.

ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ پڕکردنەوەی فۆرمەکە پێویستتان بە رێنوێنی هەبوو، بە گرووپی دابین کردنی خانووبەرە لە ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەند بە ژمارەی **0800 085 6087**، پەیوەندی بکەن.

**وەکو خوێندکارێک چۆن دەتوانم یارمەتی خەرجی کرێی خانوو وەرگرم؟**

زۆربەی خوێندکارانی تەواو کات مەرجەکانی داواکاریی بۆ یارمەتی خەرجی خانوویان نییە. بەوشەوە، ئەگەر خوێندکارێکی نیوەکاتن یان دەکەونە ناو یەکێ لە دەستە جیاوازەکان، دەتوانن یارمەتی خەرجی خانوو وەرگرن. بۆ نموونە، ئەگەر باوک یان دایکێکن کە جیا دەژین یان کەمئەندامن، دەتوانن یارمەتی خەرجییەکانی خانووبەرە وەرگرن.

زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە پێشکەشکردنی تێچوونی خانووبەرە بۆ خوێندکاران لە ڕێگای سەردانی ماڵپەڕی فەرمانگەی کار و خانەنشینی (Department of Work and Pensions) بە ناونیشانی خوارەوە چاولێکەن:

http://www.dwp.gov.uk/publications/specialist-guides/technical-guidance/rr2-a-guide-to-housing-benefit/students/

لە ڕێگای ئەنجومەنی خۆجێی، Shelter Scotland یان فەرمانگەی ڕاوێژکاریی هاوولاتییانی (Citizen's Advice Bureau) شوێنی ژیانی خۆتانیشەوە دەتوانن زانیاریی زۆرتر لە پێوەندی لەگەڵ پێشکەش کردنی یارمەتی خەرجی خانووبەرە بۆ خوێندکاران دەستەبەر بکەن.

ئەگەر وەکو خاوەن مەرجی وەرگرتنی یارمەتی خەرجی خانووبەرە دیاری نەکران، دەبێت لەبۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر پەیوەندی بکەن بە کاروباری خزمەتگوزاریی خوێندکاریی لە کۆلیج یان زانکۆی خۆتاندا.

**قۆناغەکانی دواتر چین؟**

ئەنجومەن لەسەر شیاویەتی ئێوە بۆ وەرگرتنی قازانجەکانی خانووبەرە و ئەگەری ڕادەی ئەم قازانجانە بڕیار دەدات. ڕەنگە بۆ بڕیاردانی چاکتر، داوای زانیاریی زۆرترتان لێ بکرێت.

ئەگەر تا 14 ڕۆژتر نامەیەکتان لە پێوەندی لەگەڵ بڕیاری دراو وەرنەگرت، پەیوەندی بکەن بە فەرمانگەی یارمەتی خەرجی خانووبەرەوە و سەبارەت بە پارەدانی کاتیی پرسیار بکەن تاکو سەبارەت بە دانی پارەی کرێ خانووی خۆتان بە دوا نەکەوەن.

ئەنجومەنەکە بڕیاری خۆی بە شێوەی نووسراوەیی بە ئێوە ڕادەگەیێنێت. ئەگەر ئەوان بتوانن یارمەتی ئێوە بدەن، ئەنجومەن پێدانی بڕی دیاری کراو بە ئێوە دەست پێدەکات.

ئەگەر بڕی لە بەرچاو گیراو لەلایەن ئەنجومەنەوە هەموو تێچوونی کرێی ئێوە مسۆگەر ناکات، دەتوانن داواکاریی بۆ مافی خانووبەرەیەک کە مافیتان هەیە پێشکەش بکەن تاکو کەمبوونی پارەی کرێ قەرەبوو بکرێتەوە. دەتوانن لەسەر چۆنیەتی دەست بەکاربوون بۆ داواکاریەکان، لە ڕاوێژکاریی هەرکام لە دامەزراوە ئاماژەپێکراوەکانی کۆتایی ئەم نامیلکەیە کەڵک وەرگرن.

**پێدانی پارەی کرێکەم کەوتووەتەوە دواوە. دەتوانم چ کارێک بکەم؟**

بەدواکەوتنی کرێ، "قەرزداری" پێ دەگوترێت. ئەگەر پێدانی کرێکەی ئێوە کەوتووەتە دواوە، خاوەنماڵەکەی ئێوە دەتوانێت ئێوە لە ماڵەکە بخاتە دەرێ؛ کەواتە وەرگرتنی زووبەزووی یارمەتی، پێویستە. ئەمانە ئەو کارانەن کە دەبێت جێبەجێیان بکەن:

- قسەکردن لەگەڵ خاوەنماڵ

  ئیمکانی هەیە بۆ یارمەتیدانی ئێوە بۆ قەرەبووکردنەوەی بەدواکەوتوویی لە پێدانی پارەدا، کارێک بکرێت. ئەگەر خاوەنماڵەکەی ئێوە ئەنجومەن یان یەکیەتی خانووبەرە بێت، ئەوانە دەبێت شیاویەتی ئێوە بۆ کەڵک وەرگرتن لە قازانجگەلێک لەبۆ یارمەتیدانی پێدانی کرێ، لێکبدەنەوە. هەندێ لە خاوەنماڵەکان فەرمانبەرانی مافی ئاسوودەییان هەیە کە دەتوانن یارمەتی ئێوە بدەن.

  ئەگەر موڵکەکەی ئێوە سەر بە خاوەنماڵێکی تایبەتی بێت، دەبێت لەگەڵ نووسینگەی قازانجەکانی دابین کردنی خانووبەرە دا قسە بکەن: ڕەنگە شیاویەتی کەڵک وەرگرتن لە یارمەتی خەرجیی دابینکردنی خانووبەرەی خۆجێییتان هەبێت.

- وەرگرتنی یارمەتی

  بە ناوەندێکی هاوولاتییانەوە، ناوەندێکی ڕاوێژکاریی خۆجێیی، یان ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەند پەیوەندی بکەن. بە دوای مەخەن!

**لە کوێ دەکرێت زانیاریی زۆرتر وەرگیردرێت؟**

ئێوە دەتوانن بەو دامەزراوانەی خوارەوەوە پەیوەندی بکەن:

**گروپی دابین کردنی خانووبەرەی پەنابەران لە ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتڵەندا**

بۆ وەرگرتنی راوێژکاریی یان دیاری کردنی کاتیکی چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرمانبەری راویژکاریی، بەم ژمارە تەلەفۆنە بەخۆڕاییەوە پەیوەندی بکەن: 0800 085 6087

**شێلتێر سکۆتلەند (Shelter Scotland)**

بۆ وەرگرتنی راوێژکاریی بەخۆڕایی، بەم ژمارەوە پەیوەندی بکەن: 0800 800 4444

**کردەوەی کاریگەر بۆ دابین کردنی خانووبەرە (Positive Action in Housing)**

بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر خزمەتگوزاریەکانی ئەم دامەزراوە، بەم ژمارەوە پەیوەندی بکەن: 0141 353 2220

**ناوەندی راوێژکاریی خۆجێیی**

بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێوەندیدار بە نزیکترین ناوەند، بە هێڵی رێنوێنی GAIN بە ژمارەی 0808 801 1011 پەیوەندی بکەن.

بۆ زانیاریی زۆرتر لەسەر پێدانی پارەی کرێ، سەردانی ماڵپەڕی شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/paying_for_a_home/paying_rent